# بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی (بەختیار عەلی)دا

سۆران رشید حمد[1]، نەجم خالید ئەلوەنی[2]
[1,2] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Najim.najmaldin1@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی )دەریاس و لاشەکان(ی )بەختیار عەلی(دا نووسراوە، مەبەست لەو توێژینەوەیە پیشاندانی بەها جۆراوجۆرەکانە کە لە دەق ڕۆمانەکەدا بە شێوازێکی ئەدەبی باسکراون، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ڕخنەی بنیاتگەریی پێکهاتەیی پەیڕەوکراوە کە دەق لە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان شیدەکاتەوە، هەروەها بەهای (ڕۆشنبیری، ڕەوشتی و سیاسی ) لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدراوە. یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی بەها سیاسییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پێشێلکراون و سنوورەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، و خەڵکی لە ڕۆمانەکەدا لە بەها و مافە سیاسییەکان بێبەشکراوە. دەگەینە ئەوەی بەهاکان بەشێواوی کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگەی خۆرهەلاتی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی داهێنەرانە و لەئاستێکی بەرزدا ئەو بەهایانەمان لە ڕۆمانەکەدا بۆ دەگێڕێتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** (بەها، ڕۆمان، سیاسی، ڕەوشت، ڕۆشنبیری)

**الملخص**

كتبت هذه الدراسة تحت عنوان: (القيم الثقافية والأخلاقية والسياسية في رواية)درياس والجثث) للروائي (بختيار علي)). و تهدف إلى إظهار القيم التي تم ذكرها في الرواية المذكورة بأسلوب أدبي. تم في هذا البحث تطبيق منهج النقد البنيوية التكوينية الذي يحلل النص تحت التأثيرات الاجتماعية، كما أن قيمة (الثقافة، الأخلاق والسياسة) مذكورة في الرواية. و من أهم نتائج هذا البحث أن القيم السياسية قد انتهكت إلى حد كبير و تم تضييق حدودها، و حرم الناس في الرواية من القيم و الحقوق السياسية. نحصل على أن القيم لها تأثير سلبي على المجتمع الشرقي، و لكن مع ذلك يخبرنا الروائي السرد بشكل مبتكر و على مستوى عال بتلك القيم في الرواية.

**الكلمات المفتاحية:** (القيم، الرواية، سياسی، أخلاق، الثقافي)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Najim.najmaldin1@su_edu_krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢پ.ی.د. نەجم خالید ئەلوەنی، سۆران رشید حمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This study has been written under the title: (Cultural, moral and political values in( Bakhtiar Ali's) novel (Daryas and Corpses) (. It aims at showing the values the researcher mentioned in the said novel in a literary revelation. In this research, The structural structuralism criticism method approach, which analyzes the text under social influences, has been applied The value of (culture, morals and politics) is also mentioned in the novel. One of the most important results of this research is that political values have been greatly violated and their limits have been narrowed, and people in the novel have been deprived of political values and right. We get that values have a negative impact on oriental society , But nevertheless, the novelist narration tells us innovatively and at a high level those values in the novel.


**Keywords:** (Value , novel , politician , Moral , Cultural)

## پێشەکی

بەها مرۆییەکان وەک پەیام و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ لە هەمووکات و شوێنێکدا وەک کۆمەڵێک بنەما و باوەڕی بەرز پەیڕەوی لێدەکات، ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە بە شێوەیەکی فراوان بایەخ بە پیشاندانی ئەو بەهایانە دەدات، وەکو پەیامی شاراوەی دەق هەوڵدەدات بە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەئامانجی گۆڕینی بەها خراپەکان و چەسپاندنی بەها بەرزەکان و لەیەک نزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری و دروستکردنی گیانی مرۆڤایەتی تیایاندا، لەڕێگەی پەیڕەوکردنی شێوازێکی هونەری بەرز و بەیەکەوە بەستنەوەی توخمە جیاوازەکان بەیەکەوە.

ئەم توێژینەوەیەی کە لەژێر ناونیشانی (بەها ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و سیاسییەکان لە ڕۆمانی )دەریاس و لاشەکان(ی )بەختیار عەلی(دایە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی جگە لە پەیوەندییە زیندو و پێکەوەییەکان کە لە نێوان توخمەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەیە، وەکو بنیاتێکی تارادەیەک سەربەخۆ، لە پاڵ ئەوەشدا ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە خراوەتەڕوو، ڕوانین و دنیابینیی ڕۆماننووس بۆ دنیا لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت و وەک بنیاتێکی گەورە کە ڕۆمانەکە لە هەناویدا لە دایکبووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر و وردبوونەوەیە لە بەها جۆراوجۆرەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆمانەکەدا گێڕدراونەتەوە.

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان) کە یەکێکە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، لەگەڵ بەها جۆراوجۆرەکان کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا باسی لێکراوە و بەیەکەوە کەرەستەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە.

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی لە ڕێبازی (ڕەخنەی بنیاتگەری پێکهاتەیی) کراوە، بنیاتگەری پێکهاتەیی وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی هەوڵ دەدات دەق ئەدەبی بە قسە ببەستێتەوە نەک زمان، قسەش بۆ خۆی دەربڕی جیهانبینیی نووسەرە بەگوێرەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژیت. جگە لەوەی کاری ئەدەبی لە خۆیدا هۆیەکە کە نووسەر بەشێوازێکی دیاریکراوی هونەری گوزارشت لە دەوروبەر و خۆی دەکات، و گوزارشت لە هەستەکانی دەکات بەرامبەر جیهان و شت و پرس و ڕووداوەکان. هەروەها ئەم ڕێبازە بەدوای ئەو پێکهاتە و بنیاتە زەینییانەدا دەڕوات کە دەقە ئەدەبییەکەیان دروستکردووە و مانایەکی پێدەبەخشن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەی بەها جۆراوجۆرەکانە کە لە ڕۆمانەکەدا بەشێوازی جیاواز خراونەتەڕوو، بە گرتنەبەری کۆمەڵێک تەکنیک و شێوازی هونەریی باڵا کە لە ڕۆمانەکەدا باسکراون.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و سێ بەش پێکدێت، لەبەشی یەکەمدا بەها ڕۆشنبیرییەکان پیشاندراون و سیفەت و تایبەتمەندییەکانی خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمیش دا باسی ئەو بەها ڕەوشتییانە کراوە کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون و شێوازی دەرکەوتنیان

ڕوونکراوەتەوە، بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو بەها سیاسیانەی کە لە ململانێیەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوون و پەنایان بۆ براوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: بەهای ڕۆشنبیری لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەهای ڕۆشنبیری بریتییە لە کۆمەڵێک بیر و کردە و جووڵەی جۆراوجۆر و بەردەوام و درێژ مەوا بە ئامانجی خزمەتکردنی تاک و چارەسەرکردنی کێشەکان ، لە هەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی هوشیاریە لە بارەی شێوازی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ دەوروبەر بە شێوازێکی ئەدەبی بەرز و جوان.

بەهایەکی گرنگی ڕۆشنبیری سەرقاڵبوونە بە پرسە جیهانی و مرۆییەکان، هەروەها بەرگریکردنە لێیان بەشێوەیەکی سەرسەختانە بۆئەوەی دنیایەکی جوانتر و بێ کێشەتر دروست بکرێت و پایەکانی ئەو واقیعە تاڵە لەرزۆک و نەچەسپاو بن و دەرفەتی گۆڕان بێتەپێش، چونکە ڕۆشنبیر لێرەدا (سەرقاڵی کێشەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکانە، بە هزر و گفتوگۆ یان بە نووسین و هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاستی و بەها ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکان دەکات)(حرب، ٢٠٠٤، ٣٨).

هەروەک چۆن ڕۆشنبیر سەرجەم ئەو بەها ڕۆشنبیری و کەلتوور و داب و نەریتانەی کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیدا هەیە پێیان کاریگەر دەبێت، بەڵام کاتێک خۆی گوزارشتیان لێدەکات یان دەریان دەبڕێت و دەیانگۆڕێت بۆ تێگەیشتنێکی تاکی و لەڕوانگەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ واقیعەکە دەگەڕێتەوە، هەمان شتیش لەئەدەبی بەرزدا بەدیدەکرێت کاتێک لەڕێی کارەکتەرەکانی ڕۆمانێکدا بە هۆی باسکردنی تێڕوانین و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیریان هەریەک لە کەسێتییەکان دەکرێت لەناو یەک وڵاتدا بەچەند وێنەیەکی جیاوازی واقیع ئاشنا بین. ئەمەش بەرەو پیر چوونی لایەنە مرۆییەکەی مرۆڤە لەجیاتی لاکردنەوە و باسکردنی واقیعێک کە لەدوایەوە تێگەیشتنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو بوونی هەیە و بەها مرۆییەکان دەبوون بەقوربانی وەک لەپێشتردا دەکرا (گرنگی ئەم گواستنەوەیە لەوەدایە کە هەمیشە شتێک لە قووڵایی ئەو پاڵەوانانە دەمێنێتەوە کە هی خۆیانە، نەک هی واقیعەکەیان بێت، شتێک ناچێتە ژێر کاریکەری پێدراوە واقیعیەکانەوە و یاساکانی ئەو واقیعە دروستیان نەکردووە، شتێک ئینسانی و فەردی قووڵ کە تەنها لە چوارچێوەی ئەو جیهانەدا قابیلی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە کە ڕۆمانەکان دروستیدەکەن، نەک لە چوارچێوەی ڕۆشنایی و تاریکییەکانی ناو واقیعی دەرەوەی ڕۆمانەکان) (قانیع، ٢٠١٢، ٢٧٢).

بەیەکدادان و ململانێی ڕۆشنبیری و سیاسەت بەگشتی و لەئاستێکی نزمتر و بچووکتردا لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا ڕەگێکی قووڵ و نەپساوەی هەیە و زۆرجار بە قوربانیدان و کۆتایی هاتووە، بە تایبەتی لەناو ئەو نەتەوانەی پایە و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دواکەوتووە و نەچەسپاوە. جا کێشەی ڕۆشنبیران، نیشتمانی و نەتەوەیی بێت وەکو بەگژداچوونەوەی داگیرکەران، یان ڕووبەڕووبوونەوەی دەستە و کۆمەڵەیەکی خۆسەپێن لەناو کۆمەڵگادا کەوا لەتاک دەکەن لەپێناو مانەوەی خۆی و دابینکردنی ژیانیدا خۆی ڕادەستی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە بکات و دەستبەرداری بەها ڕۆشنبیریەکان ببێت، یان کێشەکە پەیوەندی بەماف و ئازادییە جیهانی و مرۆڤایەتییەکانەوە هەبێت وکۆی ئەو بەهایانەی نزیکی و پەیڕەویان لای هەموو تاکێک هەیە و سیمایەکی گشتی و هەمەکییان هەیە، بۆیە (جێگەی خۆیەتی لەهەموو کاتێک زیاتر ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتی تەواو بنیات بنرێت و دوور لەسیستەم و ئایدیۆلۆژیاکان هەڵگری ئاوات و ئامانجێک بێت ، لەم ڕوانینەدا ڕۆشنبیر ... نەسەرکردەیە و نەپەیامبەریشە... پێویستە دوو تواناکەی کە ئازایەتی و بیرکردنەوەیە تێیدابێت) (بریجان، ١٩٨٠، ٧)

یەکێک لە نرخاندنەکانی بەهای ڕۆشنبیری ئەوەیە کارکردنە لە شوێنێک و لە شتێک کە کەس بۆ ئەمە ڕاینەسپاردووە و ئاراستە نەکراوە. هەروەها دەستراگەیشتن و هێنانە بەرباسی چەندین کێشە و ڕکابەرییە کە دەکرا یان لەتوانادا هەیە نەخرێنەڕو و بگەڕێنەوە بۆ بازنەی شارەزایی و بوارەکانی خۆیان و لێی لابدەن، بەڵام بەوپەڕی شارەزاییەوە دەستی بۆ دەبرێت و خۆیان بە پانتاییەکی بچووکەوە نابەستنەوە. ئەم هەنگاوەش بۆخۆی تێپەڕاندنی سنووری زانایە و تێنوێتی شکاندنە بەناوی ڕۆشنبیری، هەروەها داکۆکی و هاوخەمی مەینەتییەکانی گەلە و هەوڵە بۆ هوشیارکردنەوە یان بەئاگاهێنانەوەیان. واتا یەکێک لەخەسڵەتەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە تەنیا لەخانەی پسپۆڕییەکەی خۆیدا

نەمێنێتەوە و پەلدەهاوێت بۆ بوارەکانی تر و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە دەدات کە کۆمەڵگەی تێدایە، تەنانەت لە چوارچێوەی بوارەکەی خۆشیدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو شتانە دەدات کە زیان دەگەیەنن، بەهۆی باوەڕبوونی بەکۆمەڵێک بەهای بەرزی ژیانەوە: (سارتەر) لەکتێبی (بەرگری لە ڕۆشنبیران) دا (ڕۆشنبیر بە ویژدانی نائارام ناودەبات، لەبەرئەوەی هەرگیز دۆخی جێگیر و ئاسوودە نییە و هەوڵی شیکردنەوە و گۆڕین دەدات، بەڵام یەکێک لە مەرجەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە کاتێک ڕەخنە لە واقیع دەگرێت، نابێت لە بەرژەوەندییە کەسییەکانیەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو دەبێت لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و نەتەوەدا بێت و لە ڕەخنەکانیدا دووربێت لە هەرجۆرە خۆبەگەورە زانینێک) (جرار، ٢٠٠٣، ١٧)

ڕەخنە چەق و گەوهەری ڕۆشنبیرییە هەر کاتێک ڕەخنە لە هاوکێشەکە دەرکرا ئەوە سەرتاپای وێنەکە بۆ پیشاندانی شتێکی تر دەگۆڕیت، دروستکردنی دنیایەکی جوانتر و چاککردنی کەموکورییەکان لە ڕێی پرۆسەی ڕەخنەگرتنەوە دێتەکایەوە، ئامادەنەبوون بۆ قبووڵکردنی ڕەخنە یەکسانە بە ویست بۆ مانەوەی شتەکان وەکو خۆیان (بەختیار عەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕۆڵی ڕۆشنبیر و ڕەخنە لەیەکتری جودا نابنەوە، ئەوانەی کە نایانەوێت ڕەخنەگربن ڕەخنە بە مانا قوڵ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنسازییەکەی، ڕەخنە وەک چەمکی ڕاڤەکردن و چەمکی بینین و ئامرازی گۆڕان ئەوانەن کە دژی گۆڕانن لە هەموو ئاستەکاندا، دژایەتیکردنی ڕەخنە ناوێکی شەرمنە بۆ دژایەتی گۆڕان، ئەوانە شەرم دەکەن لەوەی ڕاستەوخۆ بڵێن ئێمە دوژمنی گۆڕانکاری ڕادیکاڵین، لەبەرئەوە ناڕاستەوخۆ لەڕێگای دژایەتیکردنی ڕەخنەوە دژایەتی گۆڕان دەکەن) (عەلی، ٢٠٠٠، ٣١)

## بەهای ڕۆشنبیری لە ڕۆمانەکەدا:

دەریاس یەکێکە لەو کەسێتییانەی کە لە ڕۆمانەکەدا هەندێک تایبەتمەندی کەسێکی ڕۆشنبیری تێدایە، بە شێوەیەک بەردەوام گومان لە ڕووداو و شتەکان دەکات و دەیەوێت لە ڕێی بەدواداچوونەکانی بە ڕاستی ئەو شتانە بگات کە ڕوودەدەن و نهێنییەکیان لە پشتە، هەر لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕەها بیر لەبابەتەکان ناکاتەوە، بەڵکو بەردەوام پانتاییەک بۆ ئەگەری تر دەهێڵێتەوە و دەیەوێت بە ڕێژەیی بیروڕاکانی دەربڕێت و ڕاستییان تێدا ببینێت، بۆیە (هەر لەسەرەتاوە دەریاس کەسێکی شپرزە و خەیاڵاوی و پڕ پرسیار بوو کە لە هیچدا نەدەگەیشتە یەقین، جگە لە براکەی هاوڕێیەکی تری نەبوو، گەر خەڵکێکیشی ڕابگرتایە، تەنیا بۆ ئەوە بوو پرسیاریان لێ بکات) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣)

بەشێک لەو خۆ بەدوورگرتنانەی ڕۆشنبیر لە دونیای سیاسەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕی بە کۆمەڵێک بەها و بیروبۆچوونی باڵا و واڵا هەیە، کە لە ئاستێکی بەرزتر و گەورەترن لەو واقیعە سیاسییەی تێیدا دەژیت، و ژینگە سیاسییەکە ڕێخۆشکەر نییە بۆ ئەوەی ئەو بەها بەرزانە لە خۆی بگرێت و لە کردەکانی بەرجەستەی بکات، ئەمیش لەبەرامبەردا ئامادە نییە دەست بەرداریان بێت بەم کارەی نە دەیەوێت بەشداربێت لە دروستکردنی وەهم و نەدەشیەوێت باوەڕ بەو وەهمانە بکات کە هەیە (دەریاسیش چوو بۆ ئەوروپا و کەوتە دونیای کتێب و خوێندنەوەوە. شتێک لە سەرەتاوە وەک خولیا کەوتە سەری دەریاس ئەوە بوو تێبگات، چۆن تەوەهوم و خەیاڵاتی نابەجێ لە سەری مرۆڤەکاندا دروستدەبن) (عەلی، ٢٠١٩، ١٤)

پێمان وایە بیرکرنەوە خەسڵەتێکی بەرچاوی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیر لەم ڕێگەیەوە لە کەسانی ئاسایی جیادەبێتەوە، هەموو کاتێک دەیەوێت بیرکردنەوەی نوێ دروست بکات و لە یەک چوارچێوەدا نەمێنێتەوە، واتا ڕۆشنبیر لە سەرەتادا بیر لە خۆی و بۆ خۆی دەکاتەوە، دواتر بیر لەگۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بکاتەوە، هەنگاوی سەرەتای لە خۆیەوە دەست پێدەکات (یەکەم کارێک کردی، دەفتەرێکی کڕی بۆ نوسینەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، بۆ سەرنجدان لە ناوەوەی خۆی، بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکانی. دەیویست بزانێت ژیانی تازە چی لە ناودا دروستدەکات. خۆی خۆی دەناسی) (عەلی، ٢٠١٩، ١٧)

بەشێکی زۆری خەڵکی شار و ئەوانەش کە خوێندەوارن، ترسێکی گەورەیان لە گۆڕانکاری هەیە و برەو بە نەزانین و ڕاهاتن دەدەن، لەبەرئەوە دژی ئەوانە دەوەستنەوە کە لە خۆیان زاناتر و ڕۆشنبیرترن و لە دژیان دەوەستن بۆ ئەوەی ئەم دۆخەی تێیدا دەژین بەردەوام بێت، ئەوە

ڕێگای بۆ دەسەڵاتە ستەمکار و کلۆرەکانی ناو شار کردووەتەوە دەستکراوە بن و بە ئارەزووی خۆیان بە بێترس مامەڵە بکەن و ترسیان لە گۆڕانکاری لەلا دروست نەبێت، لێرەدا ئەو بەشە لە خەڵکی شارەکە بەو خۆپارێزییەیان دەبنە هۆی ئەوەی دەسەڵاتەکان تەمەنیان درێژتر بێت، بۆیە لە هەر جوڵە و کردەیەکی دوو دەسەڵاتە ستەمکارەکە ئەم کەسانە بەرپرسن و لێپرسراوێتی تەواویان دەکەوێتە سەرشان و بەشدارن (هەموو ترسی ئەوەیان هەبوو، کەسێکی وا پسپۆڕ ژیان و ڕێکخستنی ناو ئەرشیفەکە تێک بدات و دۆخێکی نوێ دروستبکات جیاواز لەو دۆخەی لەسەری ڕاهاتوون. ترسی گەورەی خەڵکی شارەکە هەمیشە ئەوە بووە، شتێکی نوێ بێت کە لەسەری ڕانەهاتوون، هەموو شتێکیان دەکرد دەردی وا سەرهەڵنەدات و خۆیان لە بەرابەر شتی وادا نەبیننەوە، هەر شتێک تازەبایە زەندەقیان لێ دەچوو، بۆی دەچوونە بۆسەوە و دەکەوتنە تەقە لێی) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٢ – ٢٣)

بەهای ڕۆشنبیری لە بناغەدا ئامانجی گەیشتنە بە بەرژەوەندیی گشتی و دروستکردنی چارەنووسێکی هاوبەش، بۆیە ڕۆشنبیر و سوودگەیاندن بە کۆمەڵگە و هوشیارکردنەوەیان لە یەکتری جیاناکرێنەوە، ژەنراڵ وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر کە بڕیاردەدات بزوتنەوەیەکی سیاسی دابمەزرێنێت لە پێناو خەڵکی شارەکە ئەم کارە دەکات، دەیەوێت ئەم بیرکردنەوەیە لە قۆناغی دواتریدا بکات بە شۆڕش و بە شێوەیەکی کرداری لە پێناو ئەو ئامانجە تێبکۆشێت (ژەنراڵ ناوێکی گرنگ و بەهێز بوو. هەموو دەمانزانی پیاوێکی ترسناکە، بەڵام تاکە کەسێکیش بوو دژی ئەو دۆخە بوو کە شارەکە تێی کەوتبوو، دەنگۆیەکی زۆر گەورە هەبوو کە ئەو لە هەموو ئەم دۆخە ناڕازییە و دەیەوێت چارەیەک بدۆزێتەوە، شارەکە و خەڵکی لە دەست گەندەڵکاران و مافیاکان و چەتە حیزبییەکان ڕزگار بکات) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٧)

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکەین نامۆبوون و غەریبی سیفەت و ناسنامەی کەسێتییەکی ڕۆشنبیری وەک دەریاسە، ئەو وەکو ڕۆشنبیرێک کە خوێندنی لە ئەوروپا تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە و بە ڕووی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کراوەتەوە، گۆڕەپانێکی فراوانی لە ڕۆمانەکەدا بۆ تەرخانکراوە بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت. ئەگەرچی خۆی و چەند کەسێکی کەم لەبەرەکەی ئەودا هەن و وێنەی ڕۆشنبیرێکی بەهێز و کاریگەری هەیە کە شتەکان دەخاتە ژێر پرسیار و لێوردبوونەوە، بەڵام لە ڕووی پەیوەندییەوە بەخەڵک و دانیشتووان تێکەڵاوییەکی زۆر کەمی هەیە، لە کاتێکدا پێویستە ئەمە پێچەوانە بێت، تەنانەت ئەو پەیوەندییانەش کە دروستیان دەکات پاڵنەرەکەی ئەوانەی چواردەوری خۆین، بەڵام لە ڕووی هزرەوە تەواو بیرکردنەوەکانی دەخاتەڕوو کە پەیوەست نییە بە درێژبوونەوەی لە سەردەم و کاتدا، بەڵکو سەردەمی خۆی جیاکردۆتەوە، هەروەها هۆیەکی تری غەریب بوونی وەک ڕۆشنبیرێک بۆ زەمەن دەگەڕێتەوە. بە جۆرێک ئەو یەکێکە لەوانەی پێش کات و واقیعی بینراوی شارەکە کەوتووەتەوە،و نایەوێت ملکەچی ئەو سەردەم و واقیعە بێت کە شارەکەی تیایدایە، بۆیە لەم بارەدا خەڵک و شارەکە هەل و دەرچەی جووڵەی کەسێکی ڕۆشنبیری بۆ ناکەنەوە، تەنانەت ئەوەی دەیەوێت بیرکردنەوەیەک نییە هاوشانی دانیشتوان بێت بە وەستاوی، بەڵکو بە تەواوی سەرەوژێرکردنەوەی دنیابینی خۆی و بۆچوونەکانییەتی و ناچارکردنیەتی بۆ جووڵەیەکی هەڵگەڕاوە و پێچەوانە، ئەمەش دوچاری سەرسامی و نامۆبوونی کردووە (هەموو دڵنیابووین کاتێک گەڕابووەوە بۆ وڵات چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو بکەوێتە کات و زەمانێکی وەهاوە، وەک غەریبەیەک وەهابوو لە وڵاتێکی غەریب تووشی شتێکی غەریب بووبێت، هەستی نەدەکرد کە سەر بە ئێمەیە، تەنیا چاخانە و خەڵکەکەی پێ نامۆ نەبوو، بەڵکو بە ڕوانینیدا تێگەیشتین کە ڕۆحیشی بە ڕۆحی ئێمە نامۆیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٤١)

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا دەیەوێت لە ڕێی کردەی پرسیارکردنەوە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی خۆرهەڵات و خۆرئاوامان پیشان بدات، ئەو شارەی لە ڕۆمانەکەدایە سەر بە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتییە کە خەڵکەکەی بە زۆری نایانەوێت پرسیار لە شتەکان بکەن و بەدوای هۆکار و وەڵامەکانیدا بگەڕێن، ئەم هەڵوەستە نەکردنەش لەسەر ئەو شتانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوودەدەن وایکردووە ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە و دووبارەبوو ببنەوە، ئەم پرۆسەیە تەنیا لە چوارچێوەی بەدواگەڕانی ڕاستییەکاندا ناوەستێت، تەنانەت ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیش بزانن هێزی ئەوەیان نییە ڕایبگەیەنن یان بە خەڵکانیتری بگەیەنن، دەریاس کە خوێندنی لە زانکۆیەکی خۆرئاوایی تەواوکردووە دەیەوێت لە ڕێی پرسیارکردنەوە بگات بە ڕاستییەکان و شارەزابێت، بەڵام بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکانی دەست ناکەوێت، بۆیە ناتوانێت لە خەڵک و شارەکە تێبگات و بزانێت چۆن بیردەکەنەوە، لەبەر ئەوە زیاتر تووشی ونبوون و گومان دەبێت، سورەیا پێی دەڵێت: (کاک دکتۆر، کەس لێرە ناتوانێت

وەڵامی هەمووو پرسیارەکان بداتەوە، زۆرجار گەر بشزانن تاقەتیان نییە وەڵامبدەنەوە، ئێمە وەک ئەوروپییەکان نین، نا... زۆر تاقەتی ئەوەمان نییە بۆ وەڵامی هەمـوو پرسیارێک بگەڕێین، خـۆت دەزانی ئەوروپییەکان پارچە ئێسـقانێک بدۆزنەوە پەنجا ساڵ پشکنینی بۆ دەکەن، ئێمە وانین، دە لاشە لە بەردەمماندا بکەوێت کەس ناپرسێت لاشەی کێیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٤٦).

## بەشی دووەم: بەهای ڕەوشتی لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەها ڕەوشتییەکان کە یاسا ڕەوشتییەکان لەخۆدەگرێت بە زۆری سروشتێکی ناچارکەریان هەیە و ئەوەی کە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە پابەندبوون پێیەوە، بە جۆرێک خۆی بە گوێرەی ئەو بارودۆخ و شـوێنانە ناگونجێنێت کە تێی دەکەوێت، بەڵکو بە جێگیری دەمێنێتەوە. لێرەدا دوو لایەن هەیە لایەنێکیان خواستی بێگەردە یاخود میتافیزیکی ئاکارە و هەمـوو بیرۆکە و بنەماکان دەگرێتەوە کە تیۆریین و لایەنێکی تر کردەییە و سەرجەم کردار و مەرجەکان دەگرێتەوە کە زیاتر لە دەروونناسییەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ ئەوەی ڕەوشت دانەڕوخێت و دووچاری شێوان و هەرەس نەبێت، پێویستە کردارەکان لەگەڵ یاسا ئاکارییەکاندا بێتەوە یان لەبەرئەو ئەنجام بدرێن(لەبەرئەوەی ئاکار خۆی لە هەموو لایەکەوە دووچاری تێکچوون و شێوان دەبێ، ئەگەر بێت و پێودانگ و بەهای (نۆرم) ی بەرزی بڕیاردانی دروست و حوکمدانی ڕاست بەسەریدا لەئارادا نەبن. ئەوەی دەبێ ئاکارەکی چاکە و باش بێت تەنیا ئەوەندەی بەس نییە بە پێی قانوونەکانی ئاکاربێت، بەڵکو لە پێناوی ئەواندا بێتە کایەوە) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٢٨).

ژیر وەکو لایەنێکی تەواوکاری خواست نابێت نزم بێتەوە بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ژیان و بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵکو پێویستە پەیڕەوی لە چەند بنەمایەکی باڵا و شکۆمەند بکات و تەنیا خواستی چاکەخوازی بێنێتەکایەوە، کردار و کارەکان ئەگەر لەگەڵ خواستی چاکەخوازیدا نەیەنەوە دەبنە شتێکی بێ بناغە، لەبەرئەوەی خواست ڕیشەی کرداری ئاکارییە، بەڵام خواستی چاکەخوازی سەرباری ئەوەی بنچینە و کاکڵەی بابەتەکەیە. بۆئەوەی خۆی دەربخات لە ڕێگەی ئەو کردارانەوە خۆی پیشان دەدات کە لەگەڵی دەگونجێن، خواستی چاکەخوازی کارناکات بۆ ئەوەی بە ئامانجێکی دیاریکراو بگات، لە هەندێک بارودۆخدا ئەگەر ئەو خواستە پشتگوێ خرا یان وەلانرا و دوورخرایەوە ئەوە بەو مانایە نایەت خواستەکە بێبایەخ کراوە، چونکە خواست وەک گەوهەر وایە و بەردەوام دەدرەوشێتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێی سوود یان کەم نرخکردنی ئەو بایەخەی هەیەتی لێی جیابکەنەوە، لەبەرئەوەی خواستی چاکەخوازی مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ بەختەوەر بێت، بۆیە دەکرێ دڵخۆشی و زیرەکی و ئازایەتی و ئەوانیتر وەکو چاکە دابنرێن لە مرۆڤدا، بەڵام هەمووو ئەوانە (دەشکرێ ببن بەوپەڕی بەدکاری و زیان بەخش بن، ئەگەر ئەو خواستەی ئەم بەهرانە بەکاردەخات و لەبەر ئەم هۆیە، خەسڵەتە تایبەتییەکەی بەکەسایەتی ناودەبرێ، خواستێکی چاکەخواز نەبێت) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٣٤)

مرۆڤ لە خۆیدا دوو جیهانی لەخۆگرتووە، جیهانێکیان یان بوونێکیان جەستەیە یاخود فیزیکییە و ئەویتریان جیهانی گیان و بەها و ئاکارە، کە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤیش دەکەوێتە ئەوێوە. بەها ئاکارییەکان کە بنیاتنەری بوونە مەعنەوی و ڕەوشتییەکەی مرۆڤن تەنیا مامەڵە لەگەڵ کاتی ڕابردوودا ناکات، دەروازەکانی بە ڕووی گۆڕانکاریدا کراوەیە و بە هۆی گۆڕانی بیر و تێگەیشتنەوە ئەویش لەق دەبێت و دەگۆڕێت، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە ئێستا و داهاتوو لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بە ئاکام دەگات، وەکو بژاردەیەکی پابەندکەر و ئامادە کە مرۆڤ توانای خۆدزینەوە یان خۆبواردنی لێ نییە، چونکە مرۆڤ (ناتوانێ لە هەڵبژاردن و بڕیاردان هەڵبێ، ئەمەش بەرپرسیارێتی بنەڕەتی و ڕەوشتییانەی مرۆڤە، چونکە هەمووو هەڵبژاردنێک جەوهەرێکی ئەخلاقییانەی هەیە. هەموو بڕیار وەرگرتن و یەکلابونەوەیەک داوەریکردنی ئەخلاقە) (حەمەعەلی، ٢٠١٨، ١٣٦).

بەشێک لە کردارە ڕەوشتییەکان بەپێی ئەرکی سەرشان ئەنجام دەدرێن و هەندێکیشیان بەگوێرەی مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤە. ئەوانەی کە بەگوێرەی مەیل دەکرێن پێویستە هاوڕێکی ئەو کارانەبێت کە بە پێی ئەرکی سەرشان دەکرێن، کەچی ئەمە بۆ کردارەکانی ئەرک مەرج نییە. باشترین کرداریش ئەوانەن کە هەر دوو لایەنەکە تێیدا یەک دەگرن و ئاوێزانی یەکتردەبن. واتا ئەو کارانەی مرۆڤ لەیەک کاتدا

وەکو ئەرکی سەرشانی خۆی دەیانکات و لەهەمان کاتدا مەیل و ئارەزووی لێیەتی، بەڵام هەندێک کردار دەکرێت لە پێناو قازانج بێت یاخود چاکەیەک لە پێناو ناو و شکۆمەندی بکرێت بەبێ ئەوەی مەبەست لێی ئەرکی سەرشان یان مەیل و حەز بێت. بۆیە ئەو کارانە لە ناوەڕۆکدا بایەخێکی ئاکارییان نییە، لەبەرئەوەی ئەو کردارانەی بە گوێرەی ئەرکی سەرشان یاخود مەیل و ئارەزوو ئەنجام دەدرێن لە پێناو گەیشتنە بە بەختەوەری، بۆیە (دابینکردنی بەختەوەری خۆی ئەرکی سەرشانە (هەر نەبێ ناڕاستەوخۆ)، چونکە ڕازی نەبوونی مرۆڤ بە بەشی خۆی و لە نێو کۆڵێک پێداویستی ژیان کە دابین نەکرابن و لە نێو پەژارەیەکی زۆردا دەکرێ ئەمانە ببنە مایەی پێشێلکردنی ئەرکی سەرشان) (کانت – ٢٠١٤ – ٢٤٢).

## بەهای ڕەوشتی لە ڕۆمانەکەدا:

ئەلیاس لە ڕۆمانەکەدا کە برای دەریاسە و کوڕی ستارەخانە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی و زیندوو حەز و لایەنگیرییەکی زۆری بۆ هەق و دادپەروەری تێدایە و خاوەنی ڕۆحییەتێکی مرۆڤایەتی قوڵە و بە شێوەیەکی نەپساوە سەرکۆنەی کار و چالاکییە دزێوەکانی سیاسییەکان دەکات و بێزاری خۆی بە ڕوویاندا دەردەبڕێت و لە سروشتە ئارامەکەی خۆی دەریدەکەن و دەیگۆڕن بۆ کەسێکی تووڕە و نەفرەتکار (جار جار دەکەوتە گفتوگۆی کورتەوە لەگەڵ میوانەکاندا و تاکە شتێک لێیان دەبیست جنێوەکانی بوو بە بەرپرسان و سیاسییە گەندەڵەکان. هەموو دەیانزانی هەستێکی توندی بە عەدالەت هەیە و ناهەقی لە سروشت و هێمنی خۆی دەریدەکات ) (عەلی، ٢٠١٩، ١٥).

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا بۆ مان دەردەکەوێت ئەوەیە هاووڵاتییە نارازییەکانی شارەکە بە جۆرێک لەگەڵ سەرکردەکەیان تێکەڵبوون هەموو خواستەکانیان تیایدا دەبیننەوە، وەکو کۆکەرەوەی خواستی سەرجەم خەڵکە بەشخوراو و چەوساوەکە دەبینرێت، بەڵام کاتێک سەرکردەکەیان دەکوژرێت ئەو هیوایە لە دەستدەدەن و هەست بە لاوازی و شکستی خۆیان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو خواستە تایبەتەی کە پێویستە هەیان بێت دەبێت لە ناخی خۆیاندابێت، نەوەک لە کەسێکی تر و لە دەرەوەی خۆیان بەدوایدا بگەڕێن، لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوە تەنیا بەکوشتنی سەرکردەکەیان کۆتایی نایەت، بەڵکو هاوشانی ئەوەش ئامانجێکی تری پێکاوە کە بریتییە لە لاوازکردن و ترساندنی ئەوانەی هەواداری ئەون، چونکە ئەوان بەهۆی بەخشینی خواستی خۆیان بە سەرکردەکەیان توانا و هێزی جێگرتنەوە و بوونە سەرکردەیان نەماوە، لەبەرئەوە (مردنی ئەشکزاد هەمووانی فڕێدابووە بنی بیرێکی قوڵی نائومێدیەوە. گەرچی حەشاماتەکە بە هەزاران بوو، لە ژن و پیاو و گەنج ومنداڵ تێکەڵبوون، بەڵام لەگەڵ ئەو پێکەوەبوون و یەکانگیرییەشیان هێشتا لاواز و شکاو دەردەکەوتن. لە لەشکرێکی نەخۆش دەچوون یەکێک بۆ جەهەنەم پێشیانکەوتبێت، تروسکەیەکی ئیرادە و تیشکێکی هیوایان پێ نەمابوو) (عەلی، ٢٠١٩، ٧٠ - ٧١)

دەریاس ئەگەر وەکو خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەکەی ونبووە و لایەنگیری و هەست و سۆزی بۆ کەس و شتەکان نەماوە و ناتوانێت خۆی بەلایەکدا بخات، ئەوە لە پەیوەندییە خێزانییەکانیشی ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت کاتێک دایکیشی دەمرێت توانای ئەوەی نییە بگریت و هەست بە ئازاری دڵ و ناخی بکات، لەبەرئەوەی خۆی وەکو مردویەک لە دەرەوەی ژیان دەبینێت، بەڵام نەبوونی حەز و ئارەزوو بۆ دەوروبەر نەبووەتە هۆی ئەوەی لەبەها ڕەوشتییەکان دوورکەوتبێتەوە و کردارەکانی بە گوێرەی خواستەکانی خۆی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئەنجام نەدات، نەبوونی هەست و سۆز بۆ دەوروبەر لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودایە و زۆرجار بە هۆیەوە ئازار دەکێشێت. (هەستیکرد پەیوەندی بە دایکییەوە ئەرکێکی ئەخلاقییە تا خۆشەویستی. دایکی خۆشنەدەویست، بەڵام ڕقیشی لێ نەبوو. وەک هەموو شتەکانی تری دەوروبەری، نە ڕقی لە هیچ شتێک بوو نە هیچیشی خۆش دەویست. هەندێ جار هێندە بێهەست تەماشای شتەکانی دەکرد، وای دەزانی غەریبەیەکە لە دوورەوە هاتووە ڕاپۆرتێک لەسەر شارەکە بنووسێت، کە هەستیشیدەکرد هەستەکانی لە ئاستی سەرسامی و ترس و پەشۆکان دەوەستان) (عەلی، ٢٠١٩، ٨٠)

لە ڕۆمانەکەدا تاکەکانی شارەکە بە هۆی ڕازی بوونیان بەو گەندەڵی و بەهەدەردان و چەوساندنەوەیەی لەلایەن دەستە خۆسەپێن و زۆردارەکەی شاردا لەبەرامبەریان دەکرێت کارێکی کردووە لە زۆرێک لە بەها مرۆیی و ڕەوشتییەکاندا داماڵرێن یاخود بە شێوەیەکی کاتی لە دەستی بدەن، چونکە ئەگەر ئەوان لەو واقیعەی تێیدا دەژین قوربانی و چەوساوەبن ئەوە بەسەرێکی تر هەر خۆیانن وایانکردووە ئەمە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەردەوام بێت، ئەگەر بەو شێوەیە ڕازی نەبوونایە، دەسەڵاتەکەش بەم جۆرە نەدەبو و توانای ئەوەی نەدەما بەم شێوەیە بمێنێتەوە، لەم سات و قۆناغەدا خەڵکەکە بەهای ڕەوشتییان لەدەستداوە، ئەو کەسەی دەیەوێت ئەو هەستکردنە بە خۆیان ئاشکرا بکات و چیدی نەهێڵێت درێژەبکێشێت خۆیان نین، بەڵکو دوای هوشیارکردنەوەیان بەم دۆخە خەڵکەکە پشتگیری دەکەن. (هەر ڕۆژێک منتان بینی، بزانن ئەوە ڕۆحی سەرگەردان و بێسرەوت و ئارام نەگرمە کە نایەوێت بخەوێت تا ئێوە دەبنەوە بە خاوەنی ئەخلاقی بەرز و بڵند، تا ئێوە لە چنگی ستەمپیشە و دڵڕەشان ڕزگارتان دەبێت، بەڵێ من ڕۆحێکی بێئۆقرە و بێسرەوت دەسوڕێمەوە، وەک تارماییەکی بێ قەرار دەمێنمەوە کە ناتوانێت ئاسوودەیی مردن بچێژێت، تا هێز و ئالای ئێوە دەبینم لەسەرو هەمموو ئالایەکەوە دەشەکێتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ١٠١)

بەها ڕەوشتییەکان لەئاستی تاکەکەسیدا دەکرێت وەکو ڕزگارکەری کەسەکان بن و کارێک بکەن یان بیانووێک بێت بۆ ئەوکەسانەی لە ژیان وەڕس و بێزارن تاوەکو هیوایەکیان بە ژیان هەبێت و ئەو شتە بێت کە ژیانیان لە مەترسی ڕزگار دەکات، بەڵام لە ئاستە هەمەکی و پانتاییە فراوانەکەی ناو خەڵکدا بەها ڕەوشتییەکان پاساوێکن بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە پشتگیری لە سەرکردە و شۆڕش بکەن و ژیانی خۆیانی لە پێناو دانێن، واتا لە سەرێکەوە بەها ڕەوشتییەکان ژیانی تاکەکان دەپارێزێت و لە سەرێکی ترەوە خەڵکی بە گشتی پارێزگاری لە بەها ڕەوشتییەکان دەکەن. لەم بارەشدا بەها ڕەوشتییەکان هەم پارێزەرە و هەمیش پارێزراو. ئەرشەد ساحیب (پیاوێک بوو لە گەنجیدا دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، نوشوستی هەوڵەکانی بۆ خۆکوشتن بەهێزتریان کردبوو، یان وەک خۆی دەیگوت کردبوویان بە کەسێک تەنیا بەها ئەخلاقییە زۆر بەرزەکان سرەوتی بدەنێ و ڕازییکەن) (عەلی، ٢٠١٩، ١٢٤)

## بەشی سێیەم: بەهای سیاسیی لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان)دا:

بەها سیاسییەکانی وەک یەکسانی و دادپەروەری لە سیستەمێکی سیاسی خراپدا نامێنێت ، دەسەڵاتدارە چەوسێنەر و قۆرغکارەکانیش هەوڵی گەوجاندن و گەندەڵ کردنی گەلەکەیان دەدەن ، بە هۆی بەگەڕخستنیان لەو بوارانەی کە خۆیان مەبەستیانە تاوەک لە دزی و بەهەدەردان و پێ لێهەڵکشانەکانیان بەردەوام بن و زامنی مانەوەی خۆیان بکەن ، لەبەر ئەم هۆیەشە (( گەل نایەوێ ڕێزی ئەو جیاوگ و دەسەڵاتانە بگرێ کە بەپیاوە گەورەکانی سپاردووە و بەهیچ جۆرێ پەیرەویان ناکات. کاتێک ڕۆحی یەکسانی لە ڕادە و سنووری خۆی تێپەڕێت خەڵک بڕیار دەدا بۆ خۆی هەمموو کارەکان ئەنجام بدات )) ( مۆنتسکیۆ ، ٢٠٠٣ ، ١٩٦ ) .

مێژوو لەلای دەسەڵاتی چەوسێنەردا شتێک یان هۆکارێک نییە بۆ سوود وەرگرتن و لێوردبوونەوە و ڕامان، بەڵکو ئەوەی دەیکات گواستنەوە یاخود کوشتن و کردنە قوربانی ئێستایە لە پێناو مێژوودا و تەنیا لە بازنەی کۆمەڵێک ڕووداوی دیاریکراودا دەخولێنەوە، بە جۆرێک بەشێکی زۆر یاخود سەرتاپای ڕۆژەکانی ساڵ لە ڕووداوێک دەگرێ کە پێشتر ڕوویداوە و یادی دەکاتەوە لە هەمان کاتدا ئەوەندەی لە توانایدا بێت تەنیا ڕێ لە ڕوودانی ڕووداوی تر دەگرێت و چەندیش بۆی بکرێت ڕووداوە نوێیەکان بچووک نیشان دەدات، واتا ئێستا بە قوربانی ڕابردوو دەکات و توانای تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان و گۆڕانکاری لەبار دەبات. بۆیە لە یادکردنەوەی مێژوودا ئەوەندەی مەبەستیان لەخۆبایی بوون و خۆبەگەورە زانین و کەنارخستنی ئێستایە ئەوەندە مەبەستییان کارکردن بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان و کەڵک و فێربوون و خوێندنەوەی نییە. ئەگینا لە بارە ئاساییەکەی مێژوودا (ناکرێ بێ شارەزابوون لە ڕووداوەکانی ڕابردوو خۆمان بۆ بنیاتنانی دوارۆژ ئامادە بکەین، بۆ ئەوانەش کە پەی بە نهێنییەکانی ڕابردوو دەبەن، ئەستەمە بتوانن دەرس و پەند بۆ ئەوانە بگوازنەوە کە لە ڕووداوەکانی بێ ئاگان) (تۆدۆرۆف، ٢٠٠٨، ١٥)

گرتنەدەستی حوکمڕانیکردن لەلایەن کەسانی دەغەڵ و نەشارەزا و ناکارامە بەهەر ڕێگایەک بێت یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت و شیرازەی سیاسەتکردن تێکدەچێت، لەبەرئەوەی کەسەکان بە گوێرەی توانا و زانیاری و کارامەیی لە شوێنی خۆیان دانانرێت. بۆیە (تۆماس ئاکیناس) ی ئیتاڵی پێی وایە (نائارامی، بێ بەرنامەیی و بێ یاسایی لە کۆمەڵگەیەکدا دێتەپێش کاتێک خەڵکانێک کە لە ڕووی جەستەوە بەهێزتر، بەڵام لە ڕووی هزرەوە لاوازترن، دەسەڵاتی سیاسی بە زۆرەملێ یان بە هۆکاری هەستیاری، نەوەک لە ڕووی لۆژیک بەدەست دێنن) (لیدمان، ٢٠١١، ٩٦)

تاکەکان لەلایەک و کۆمەڵگە لەلایەکی تر بەرپرسیارێتییەکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان بۆ پارێزگاری لە شکۆی مرۆڤ و بەها بەرزەکان. لە ئەگەری بێدەنگ بوون و هەڵبژاردنی بێلایەنیدا بەها سیاسییەکان ئاوەژوو دەبنەوە و دەستەیەکی ستەمکار دەبنە دەسەڵاتدار، لەوکاتەشدا هەر تاوان و تاڵانی و ناپاکییەک کە ئەنجام دەدرێت تەنیا ئەم دەستەیە لێی بەرپرس نین، بەڵکو تاکەکانیش بە گوێرەی جۆراوجۆری پلە و ئاستیان لێی بەشدارن، لێرەدا تاکەکان ئەگەر بە دیوێکدا قوربانی بن ئەوە بە دیوێکی تر بنیاتنەر و ڕاگری ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەن، لەبەرئەوە تاوانەکانی دەستەکە وەکو تاوانی هەموانە، لەم ڕووەوە (ڤاسلاف هاڤێل) دەڵێت: (سەروبنی سیاسەت هەر ئەوەیە کە تاکەکەس لە ڕووی ئاکارەوە بەرپرسە لەوەی هەڵوێست لە ڕشتەی دامەزراو وەربگرێت. کەس مافی ئەوەی نییە، بە بیانووی ئەوەی بیر و کردەوەکانی چ نۆرەیەکیان نییە، خۆی دووره پەرێز ڕاگرێ. گەر هەمووکەس کۆمەڵگەی درۆزنانە بسەلمێنن، ئەوا هەر دەمێنێ. بەڵام هەر ئەوەندەی بەسە یەکێک هاوار بکات پاشا ڕووتە ئیدی هەموو شتێک دەگۆڕدرێ. لاوازی ڕشتەکە ئاشکرا دەبێت و گۆڕانکاری دەست پێ دەکات) (لیدمان، ٢٠٠٤، ٢٧٨)

ئازادی سیاسی گرێدراوە بەوەی تاچەند تاکەکان لە ڕووی بیرکردنەوە و داراییەوە خاوەنداریێتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، دەست بەسەرداگرتن و قۆرغکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی شاراوە کەمکردنەوەی ئازادی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی (ڕێگر و بەربەست بوو بۆ پێشوەچوون و سەرکەوتن ، دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتێکی نوێ بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی پێشکەوتنی خێرا و بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت) (لیدمان، ٢٠١١، ٢٣١)

دەسەڵاتداری زۆردار لەلایەک کار لەسەر بێخەوشی خۆی لەلای ئەوانەی لێی ڕازین دەکات لەلایەکی تر کار لەسەر ترس و تۆقاندن دەکات بەرانبەر ئەوانەی یار و نەیارین، بۆیە گۆڕەپانێکی فراوان بۆ گومان و بێ باوەڕی دروست دەبێت. وردە وردە باوەڕکردنی خەڵک بەرامبەر ئەو شۆڕشگێڕ و سیاسییانە لەق دەبێت کە تەنیا هوتافی بێگەردی و دڵسۆزییان کێشاوە. ئەگەری دادگاییکردن و کوشتن و بە زیندان ئاشناکردنیان لەلایەن جەماوەرەکانی خۆیاندا لە هەرکاتێکدا ئەگەرێکی کراوەیە، بۆیە تاکە شتێک لەبەرانبەر خەڵکەکەی خۆیاندا پەنای بۆببەن (بڕوا پێکردنە ئەمەش هەڵوێستی خودی تاک خۆیەتی، ئێمە نە دەتوانین بزانین ئەو بڕوایە چییە نە دەشتوانین حوکمی لەسەر بدەین تەنیا لەڕێگەی بڕوا پێکردنەوە نەبێ) (هیجل، ١٩٩٦، ١١٠)

لە سیاسەتدا پێویستە چەمکە ڕەوشتییەکان بگۆڕدرێن، بە جۆرێک بکرێنە کەرەستەی خاو بۆ دروستکردنی پرەنسیپ و یاسا، لەبەرئەوەی دەسەڵات جیاوازە لە پەیوەندییە ڕەوشتییەکان، بۆیە هەر سەرۆکێک لە ڕێی بەکارهێنانی چەمکە ڕەوشتییەکان حوکم بکات کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەڵێنەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دروشم دەمێنێتەوە و جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو ئەوەی حوکم دەکات حەز و ویست و ئارەزووی دەسەڵاتدارە و ستەم و زۆرداری بەدوای خۆیدا دێنێت ئەم حەزەش لە ئاستێکدایە (هەر شتێک لە ڕوویاندا بوەستێتەوە تەنانەت ئەو دام و دەزگایانەی کە خۆشیان دایانمەزراندووە، تێکیدەشکێنن و بۆ لەناو بردنیان لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، چونکە نایانەوێ کەس سنوور بۆ ویست و ئارەزووەکانیان دابنێت) (امام، ١٩٩٦، ٩٦)

لە سیستەمێکی سیاسی دواکەوتوودا تاکەکان خەون و تواناکانیان قەتیس و پێشێل دەکرێت. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ڕامالینی بەربەستەکانی بەردەمی خۆی دەبێت تاوەکو بە ئامانجەکانی بگات. لەبەرئەوە پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئازادییان بۆ فەراهەم بکرێت و بەرپرسیارێتییان پێبدرێت بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانیان بگەن و کۆمەڵگەش بەها و کەرامەتی تاکەکان لەبەرچاوبگرێت، چونکە (ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکانی ژیان، هەروەها دەبێت درک بەوەش بکەین، ئەمە ڕێگاییکیشە لە ڕێگاکانی ژیانی کەسەکان و پێوەرێکی دروستی ڕەفتارە کەسییەکانمان دەداتێ) (دیوی، ١٩٩٥، ٤٣).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەهای سیاسی لە ڕۆمانەکەدا:

ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان ڕۆمانی سەرزەمینی دەرکەوتنی سەرۆکەکانە کە دوای ئەوەی چەند گۆڕێکیان پێدەکرێت دواتر لەسەر قەڵایەک دەنێژرێن، لە پاش خۆیان بە شێوازێکی کۆن دەسەڵات بۆ کوڕ و نەوەکانیان دەگوازرێتەوە، پێویستی خەڵک بۆ سەرۆک حەزێکی تەواونەبووە و هیچ کارێک بێ سەرۆک بەڕێوەناچێت بە جۆرێک خەڵکی بوونی خۆیان لە سەرۆکدا دەبیننەوە، ئەگەرچی ئەوەیان بۆ گرنگ نییە شێوازی دەستا و دەستکردنی دەسەڵاتەکە چۆنە و کێ ئەم پلەیە پردەکاتەوە یان تا چەند لێهاتووە (بۆ ئەوە بڕیاریاندا کە کوڕە گەورەکەی، گەرچی گەمژەیەکی نەفام و بێدەموپل بوو، نازناوی سەردار وەک ئیرس وەربگرێت و پشتاوپشت و نەوە لە دوای نەوە سەرۆکایەتی بۆ منداڵەکانی بەجێبهێڵێت. شتێک مایەی پێکەنینی ئێمەبوو، ئێمە کە لەو سەد ساڵەی ڕابوردوودا هێندە لە دونیا تێگەیشتبووین کە بزانین دەسەڵات نابێت بەوجۆرە دەستاودەست بکات، دەمانزانی ئەو مۆدێلێکی کۆن و بەسەرچووە و بەدبەختی بەدواوەیە) (عەلی، ٢٠١٩، ٧ - ٨)

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە شێوازی بەڕێوەبردن و پەیکەربەندی دەسەڵات و هەڵسوکەوتکردن لەناو شارەکەدا بە شێوەیەکە بەرگەی هیچ گۆڕانێک ناگرێت، بۆیە گۆڕانکاری و هەڵوەشاندنەوە تیایدا دەبنە یەک و ناتوانرێن لە یەکتری هەڵاوێردیان بکەین، لەبەرئەوەی شتەکان بە جۆرێک ڕیزبەندی کراون یاخود ڕێکخراون وەکو زنجیرە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە، و دەرفەتی هیچ تەکنیک و چاکسازی و ستراتیژێک نەماوەتەوە بۆ نوێکردنەوە یان باشترکردنی ژیان، ئەگەر دەست بۆ بچووکترین چاکسازی ببرێت دەشێت سەرلەبەری شتەکان بروخێنن یان دابتەپن و نەمێنن. بۆیە (تەواوی جێگاکە لای ئەو وەک شوێنێکی تەلیسماوی و ئاڵۆز دەردەکەوت کە دەستکاریکردنی دەبێتە مایەی تێکچوون و لەناوچوونی. دەریاس هەموو وڵاتەکەی وادەهاتە بەرچاو، وەک جێگایەک کە ناتوانرێت شتێکی گرنگی تیا بگۆڕدرێت. شتەکان وا دانرابوون و دروستکرابوون یان دەبوو بروخێنرێن یان دەستیان لێ نەدرێت) (عەلی، ٢٠١٩، ٢٣)

لە ناو ڕۆمانەکەدا ئەو بارودۆخەی لە شاردا هەیە یەکجار نائاسایی و نەگونجاوە شارەکە لەلایەن هەندێک گەندەڵەوە بەڕێوەدەبرێت و دانیشتوانەکەی بە تەواوی لێی نائومێدبوون و ژیانی خۆیان وەکو مردوو دەبینن، بەڵام کاتێک فریادڕەسێک یان سەرکردەیەک دەردەکەوێت و دەیەوێت ئەو بارە لارە هاوسەنگ بکاتەوە، ئەوا لەو کاتەدا کۆمەڵگە و تاکەکان لەبری دەستباری و بەدەمەوەچوون، توانا و ئاواتەکانیان وازلێدێنن و توانای بیرکردنەوە لە خۆیاندا دەکوژن و بەشێوەیەکی کوێرانە دوای دەکەون و خۆیان ون دەکەن، بەم شێوەیە دەگۆڕێن بۆ تاکێکی دەست و پێ سپی و مێگەلی، ئەو هەوڵدانەی بۆ ئازادی دەیدەن لە کۆتاییدا بە کۆیلەبوونیان دەگەیەنێت، لەم بارەشدا هەم ئازادی دەکەوێتە مەترسی و هەم بەرپرسیارێتیش لاواز دەبێت، سەید بورهان دەڵێت: (ژەنراڵ بیلال یەکێکە لەو سیاسییە کەمانەی کە خێری تێداماوە، هەوڵێک دەدات بەڵکو بتوانێت بەسەر ئەم دز و جەردانەدا سەربکەوێت کە حکومەتییان گرتۆتە دەست. دوژمنی زۆر، دوژمنی زۆر گەورەی هەیە، بەڵام خۆی پیاوێکی کارا و لەبەردڵانە، خەڵک خۆشیان دەوێت. ئێمە لە شارەکەدا وەکو مردو واین، مەگەر ژەنراڵ بتوانێت شتێک هێز و ئیرادەمان بۆ بگێڕێتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ٣٣)

مێژوو بە شێوەیەکی گشتی ئەو بوارەیە کە بەهۆی شارەزابوون لێی بتوانین داهاتوو ببینین، هەروەها لە ڕێی زانینی نهێنییەکانی پەند و سودی لێوەربگرین و هەڵەکان دووپات نەکەینەوە، بەڵام مێژووی ئەم شارەی لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە لەگەڵ هاووڵاتییەکانی شتێکی ئاشکراو ڕوون نییە، ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە سوتان و شاردنەوەی ڕاستییەکانە، تاوەکو ئەوانەی لە دوای ئەمان دێن ڕێگایەک نەبێت پێیدابچنەوە و بیر لە ڕابردوو بکەنەوە تاوەکو بزانن چی ڕوویداوە و سوودی لێوەربگرن، لێرەدا کێشەکە لە نەخوێندنەوە و کەڵک وەرنەگرتن نییە لە مێژوو، بەڵکو پرسە گرنگەکە نەبوون و نەنوسینەوەی مێژووە و بزربوونی ناسنامەی شارەکەیە وەکو قەدێکی ڕەگ ونکراو. (لەبەرئەوەی خەڵکی ناچارن هەموو شتێکی خۆیان بشارنەوە، هەموو ئەسەر و نیشانەیەکی ئیشەکانی خۆیان بسوتێنن. نابێت کەس لە دوای خۆمان بزانێت ئێمە کێ بووین و چی بووین، گەر زانیشیان دەبێت چەند ساڵێک دوای مردنمان بێت، ئەوکاتەی کە خەڵک هەقیقەتیشیان لێ دەبێتە ئەفسانە. بەشی هەرە زۆری خەڵکی وادەکەن، هەموو شتێکی خۆیان دەسووتێنن) (عەلی، ٢٠١٩، ٦٢ - ٦٣)

هەروەک دەزانین لە دونیای سیاسەتدا بەها ڕەوشتییەکان کە سروشتێکی تاکەکەسیان هەیە وەکو خۆیان نامێننەوە دەکرێن بە ئامراز و

سەرچاوە بۆ دروستکردنی پرەنسیپ و یاسا لە ئاستێکی گشتیدا بۆ هەموو هاوولاتییان وەکو یەک، مامەڵەکردنی کەسانی بەرپرس لەگەڵ هاوولاتییان و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش لە نێوان خۆیاندا بە گوێرەی ئەو یاسایە دەبێت کە بۆیان دارێژراوە و لە سەری رێککەوتوون، بۆیە (مەسەلەکە تەنیا راماڵینی ئەم دەسەڵاتدارانەی ئەمرۆ نیە، بەڵکو هەموو شۆرشێک سستمێک پرەنسپی پیرۆز بەرهەمدەهێنێت کە تا ماوەیەکی درێژ دەژی، سەرۆکێکی موقەدەس دەخولقێنێت کە تا ماوەیەکی درێژ دەبێت بە سەرچاوەی ئیلهامی نەوەکان و نەتەوەکان. دەبوو رێبازێک دابرێژێت کە وەفادار و خیانەتکار بە روونی جیابکاتەوە) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣١ - ١٣٢)

ئەوەی خەڵکە نارازییەکەی شارەکە دەیانەوێت سەرکردەیەکی رەوشتییە کە کار بە بەها رەوشتییە کەسییەکانی خۆی بکات لە سیاسەتدا بەبێ ئەوەی بگۆرێت، ئەم داواکارییە کارەسات بە دوای خۆیدا دەهێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین بەڵێن بە خزمەتکردن بدرێت و جێبەجێ نەکرێت. ئەم شێوازەی حوکمکردن تەنیا ناونیشانی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکانی پێشوو بۆ یەکێکی تر دەگۆرێت، لەبەرئەوەی تەنیا پشت بە حەز و ئارەزووەکان دەبەسترێت و کەس ناتوانێت توخوبەکانی دیاریبکات و پاشگەزی بکاتەوە، واتا ئەوەی بەدوایدا دەگەرێن (باوکێک کە بەجێیان ناهێڵێت و دەیان پارێزێت، ئەخلاقێک کە ناگۆرێت و تێک ناچێت، خۆفیداکارێک کە بیر لە خۆی ناکاتەوە. خەڵک پێویستیان بە موقەدەسێکە، ئێمەش ئەو موقەدەسەمان بۆ دروستکردن. سەرۆکێکی ئەبەدی، باوکێکی ئەبەدی، دەستپاکێکی ئەبەدی، داوێنپاکێکی ئەبەدی. (هاوار، جەنابی ئەرشەد ساحیب ؟ بەو جۆرە سیاسەت دەبێتە کارخانەی دروستکردنی پاڵەوانانی درۆزن) ) (عەلی، ٢٠١٩، ١٣٣).

## ئەنجامەکان:

١-لە ناو رۆمانەکەدا ئەوکارانەی ئەنجام دەدرێن لێکدانەوەی بۆ ناکرێت و بە شێوەیەکی نائاگایانە دەستی بۆ دەبرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەسێتیی رۆشنبیر هەن دەیانەوێت ئەوە راست بکەنەوە.

٢- بەهایەکی سیاسی لە رۆمانەکەدا کارکردنە بۆ گۆرینی بارودۆخی هاولاتییان ، بۆ ئەوەی هوشیاربنەوە و لە ستەم رزگاریان بێت و بە ئازادی بژین.

٣-بەها رەوشتییەکان لە رۆمانەکەدا لەگەڵ ئەوەی پانتاییەکی فراوانی گرتووەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم بەهایانە وێنەیەکی ناتەواویان هەیە و دەکرێت لە دەست بدرێت و بەدەست بهێنرێتەوە.

٤- لە دەق رۆمانەکەدا رەوشت وەکو بەهایەکی کەسی پێویستە بگۆرێت بۆ بەهای سیاسی لە ئاستە گشتییەکەیدا، بەڵام لە دەقەکەدا ئەمە روونادات.

٥- لە رۆمانەکەدا بەها سیاسییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پێشێلکراون و سنوورەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، خەڵکی لە رۆمانەکەدا لە بەها و مافە سیاسییەکان بێبەشکراوە.

٦- بەهای سیاسییەکان لە رۆمانەکەدا بە سەربەخۆیی نین، بەڵکو لە چوارچێوەی بەهاکانی تر خۆی پیشان دەدات ، پانتاییە گشتییەکە جێدەهێڵێت و بە سروشتێکی تاکەکەسی دەرکەوتووە.

## لیستی سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**


١- عەلی ، بەختیار ، (٢٠١٩)، دەریاس و لاشەکان ، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم .

٢- تۆدۆرۆف، تۆزڤیتان، (٢٠٠٨)، دەسەڵاتی ڕەها و مەترسییەکانی دیموکراسی، و: دڵشاد مستەفا وەسانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم.

٣- حەمەعەلی، ئومێد،(٢٠١٨)، ئەخلاق و زمان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤- عەلی، بەختیار، وریا، مەریوان، فەتاح، ئاراس، (٢٠٠٠)، ڕۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسی، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥- قانیع، مەریوان وریا، (٢٠١٢)، شوناس و ئاڵۆزی چەند وتارێک دژ بە دۆگماتیزم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم، سلێمانی.

٦- کانت، ئیمانۆییل، (٢٠١٤)، پرۆلیگۆمێنا و دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، و: حەمید عەزیز، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٧- لیدمان، سڤن ئریک، (٢٠١١)، مێژووی بیروڕاکانی سیاسی لە ئەفلاتون هەتا ئانارشیزمی سۆسیالیستی، و: محەمەد شەهدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨- مۆنتسکیۆ ، (٢٠٠٣) ، ڕۆحی یاساکان ، و: ئیدریس شێخ شەرەفی ، دەزگای وەرگێڕان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی دووەم ، هەولێر

٩- لیدمان، سڤێن ئێرک،(٢٠٠٤ )، ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی.


**بە زمانی عەرەبی:**


١- امام، عبدالفتاح امام، (١٩٩٦)، المنهج الجدلي عند هيجل، مكتبة المدبولي، الطبعة الثالثة، القاهرة.

٢- بريجان، ميشال، (١٩٨٠)، المثقفون و الديمقراطية، ت: د. خليل أحمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت.

٣- جرار، صلاح، (٢٠٠٣)، المثقف و التغير، قراءات في المشهد الثقافي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

٤- حرب، علي ، (٢٠٠٤)، أوهام النخبة أو نقد المثقف، الناشر: المركز الثقافي العربي، الطبعة الثالثة، بيروت.

٥- ديوي، جون، (١٩٩٥), الحرية و الثقافة، ت: امين موسى قنديل، مكتبة الانجلو مصرية.

٦- هيجل، (١٩٩٦)، اصول فلسفة الحق، ت: امام عبدالفتاح امام، مكتبة المدبولي، القاهرة.